2023-02-11

UMEÅ KOMMUN

## ئامادەنەبوونی منداڵەکەت لە خزمەتگوزاریی ئەلیکترۆنی قوتابخانە Skola24 ڕابگەیێنە

قوتابخانە شارەوانییەکان خزمەتگوزاریی ئەلیکترۆنی Skola24 بەکاردەهێنن. لە Skola24 دەتوانیت ئامادەنەبوونی منداڵەکگەت ڕابگەیێنیت، داوای پشوو بکەیت، خشتەی بەرنامەی ببینیت و ئامادەنەبوونی ئەو منداڵانە کە سەرپەرشتیاریت ببینیت.

**ڕاگەیاندنی ئامادەنەبوون پێشکەش بکە**
دوو ڕێگە هەیە بۆ ئەوەی تۆ وەک  سەرپەرشتیارێک Skola24 بەکاربهێنیت - یان لە ڕێگەی وێبگەڕێکەوە لەسەر کۆمپیوتەر/تابلێت/مۆبایل یان ئەپی Unikum Familj. کاتێک تەنها پێویستت بە ڕاگەیاندنی ئامادەنەبوونە، بەکارهێنانی ئەپی Unikum Familj ڕێگەیەکی ئاسانە بۆ ئەم مەبەستە. زانیارییەکانتان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەگوازرێنەوە بۆ سیستەمەکانی تر، بۆ نموونە Tempus کە بەکاری دەهێنیت ئەگەر منداڵەکە بچێتە چاودێریی دوای خوێندن. لەبیرت نەچێت هەموو ڕۆژێک کە منداڵەکەت لەوێ نەبێ،  ئامادەنەبوونی منداڵەکەت ڕابگەێنە.

**دەرفەتی زیاتر لە خزمەتگوزاریی ئەلیکترۆنی Skola24**
لە خزمەتگوزاریی ئەلیکترۆنی Skola24دا، جگە لە ڕاگەیاندنی ئامادەنەبوون، بژاردەی زیاتر  هەیە. لەوێ دەتوانیت گۆڕانکاری بکەیت، پێشوەختە داوای پشوو بکەیت، خشتەی بەرنامە و ئامادەنەبوون بە تێپەڕبوونی کات ببینیت. تۆ وەک سەرپەرشتیارێک بە کۆمپیوتەر/تابلێتی خوێندنەوە یان مۆبایل لە ڕێگەی: www.umea.se/skolportal بچۆرە ژوورەوە. تۆ ناسنامەی ئەلیکترۆنی خۆت بەکاردەهێنیت بۆ چوونە ژوورەوە. ئەگەر بە هۆکارێک نەتوانیت BankID بەکاری بهێنیت، پەیوەندی بە کارگێڕی قوتابخانەکە بکە.

ئەگەر ناونیشانی ئیمەیڵەکەت یان ژمارەی مۆبایلەکەت لە Skola24 نەبینیت، گرنگە لە پرۆفایلی خۆتدا بیاننووسیت بۆ ئەوەی ئاگادارکردنەوە سەبارەت بە ئامادەنەبوونی منداڵەکەت لە قوتابخانە وەربگریت. لە پرۆفایلی خۆتدا زانیاریی پەیوەندییەکانت دەگۆڕیت و پاشکەوتی دەکەیت.

لە www.umea.se/skolportal زانیاریی زیاتر دەربارەی خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکانی قوتابخانەکە دەبینیتەوە. بێگومان قوتابخانەکەت دەتوانێت یارمەتیت بدات.

**زانیاری لە قوتابخانە لە ئەپی یونیکوم فامیلی (Unikum Familj)**
یونیکۆم پلاتفۆرمی فێرکاریی قوتابخانەکەیە کە تۆ وەک سەرپەرشتیارێک زانیاری لەلایەن قوتابخانەوە وەردەگریت، تێڕوانینێکی گشتی لەسەر گەشەکردنی زانیاریی منداڵەکەت بەدەست دەهێنیت و دەتوانیت ئامادەنەبوونی منداڵەکەت ڕابگەیێنیت. وشەی گەڕانی "Unikum Familj  " لە گووگڵ پلەی (ئەندرۆید) یان ئەپ ستۆر (iOS) یان کۆدی QR لە خوارەوە بەکاربهێنە:

Hämta Unikum familj till iPhone (iOS)

Hämta Unikum familj till Android

ئەگەر پێشتر نەڕۆیشتیتە ژوورەوە، "ڕێگاکانی تری چوونەژوورەوە" و پاشان "شارەوانی ئومێۆ بۆ سەرپەرشتیاران" هەڵبژێرە.  Unikum Familj بە زمانەکانی سویدی و ئینگلیزی بەردەستە.

زانیاری زیاتر: [Unikum Familj - یوتیوب]